کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-12-2007 21:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هێرش و پەلاماری تورک کورد ناترسێنێت ئەحمەد دەشتی



لەم وێنەیەی ئەم منداڵە چاک بڕوانن
لە گوندێکی دورە دەست و زۆر بێ نەوای
وێران کراوی کوردەواری لەم چەرخەدا
مێزو کورسی قوتابیان و جێی زانست وجێی زانیاری
چلۆن بە خاک یەکسان کراوە لەم دێیە دا
منداڵێکی سێزدە ساڵە ئەم کورسیەی
جێ ئاواتی خوێندنی خۆی لە دەست دایە
کەوا لە ژێر جێگای بۆمبای دەرهێنایە
بە دیاری بەجیهان و خەڵکی کوردی نیشان دەدا و
وا پڕ بە دەم هاواریەتی دەڵێ ئەمەکردەی داگیرکەری مرۆ کوژە
دەستی درندەی دوژمنانی زۆر خوێن مژە



دێنە سەرم هێرش دەکەن خاپور دەکەن
ژیان و ماڵم داگیر دەکەن دەمسوتێنن
لێ ناگەڕێن ئاسودەبم لە ماڵی خۆم
ساڵەهایە مافی ژیانیان زەوت کردووم
سەدان گوندی باوانیان خاپور کرووم
تازی وتورک وعەجەم وێکران
یەکتر دەگرن ماڵ وگوندم دەڕوخێنن
داگیر دەکەن کوردستانم دەمرەتێنن
وەک قەلاتۆک خاپور خاپور دەکەن
درندانە هێرش دێنن لە ناو دەبەن کەس و کارم
کەسێ نیە لەم جیهانە بڵێ بۆچی
گەلی کورد و خاکی کوردان وابەوشێوە وێران دەکەن،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

داگیر دەکەن، ماڵی کوردان وا کورد دەکوژن
ساڵەهایە لە ماڵی خۆم ڕەتێندراوم
لە ناو لانەو کاشیانەو خۆم بەبێ ماف و بێ ئازادیم
لێ ناگەڕێن ئاسودە بم شادان بژیم
وا بەچەکی کۆمەلکوژی نوێیانەوە
شارو گوندو لانەی ژیانم دەڕوخێنن
دەبڕوانن وا لە چەرخی جیهانگیری
داگیرکەری تورک چلۆن هێرش دەکات
کوردستانم وێران دەکەن بە تێکرایی خاپور دەکەن
سەدان بۆمبی کاولکاریان بە سەر ماڵم دەبارێنن
درندانە هیرش دەکەن بۆ سەر خاکی نیشتمانم
ئەی کوا لە کوێن مرۆڤ دۆستان
بۆ بێ دەنگن ئاشتی خوازان
بۆ بێ دەنگن سەوزو سورو ئاشتیخوازان
دەستی فاشی و ڕۆمی ناکەس وا ئێستاکەش لە ئارایە
لە سەرخاکی کوردستانی پڕ برینم
ڕەزو باغ و لێڕەوارودارو بەردم دەسوتێنن
سەیری چلۆن قوتابخانە و کولبەی قوڕ و
مزگەوتەکان نامەردانە لە بن دێنن
بەڵام بۆ کوێ دەچن داگیرکەرە دڕندەکان
هەرچەند فاشی ودڕندەبن قەت ناتوانن
کوردستانم لە ناو بەرن
هەستی بەرزی کوردایەتیم لە بن بێنن
ڕۆژی هەردێ داگیرکەران لە ناو دەچن
کوردستانم سەربەخۆو و شادان دەبێت
سەدان چەپکە گولی سەربەستی جوان
بۆ سەرگلکۆی شەهیدانمان ڕادەبەستین

بە یادی بۆردومانی گوندی قەلاتۆکان کە یەکێکە لەو گوندانەی بناری قەندیل کە لەم ڕۆژی 16، 12. 2007دا داگیرکەری تورک بە ناوی لیدانی پەکەکەوە هێرشی کردە سەرو ئەو ئاواییەو بێ تاوانەی بە خاک یەکسان کرد، قوتابخانەو مزگەوت و خانیە قوڕینەکانی لە خوێن خەڵتان کرد، منادڵیکی سێزدە سالە لە ناو کەلاوەی قوتابخانەی ئاوایی ڕحلەی قوتابخانەکە دەر دەهێنی و نیشانی ویژدانی هەموو مرۆ دۆستێکی دەدات و بە جیهانیان دەڵێت:ئەی جیهانیان ئا ئەمانەن داگیرکەرانی کوردستان، کورد ماڵی خۆی ئاوەدان دەکاتەوە و ئاشتی دەوێت و ئەوانیش بە بەهانەی جۆراو جۆرەوە مالی کورد و قوتابخانەو هەموو هەوارێکی کوردو کوردستان وێران دەکەن، ئەوان داگیرکەرانە بە خەیالی خاویان وا دەزانن کە دکارن گەلی کورد لە ناو بەرن، بەڵام سەهون و گەلی کورد قەت لە ناو ناچێت و هەر دەمینێ و هاکا ئێمەش سەربەخۆ و بۆ هەمیشە ئازادو ڕزگار ببین و داگیرکەران تەفرو تونا بن.. نەمری بۆ هەموو شەهیدانی کوردو کوردستانە و سەرکەوتن هەر بۆ گەلی کوردە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.